# دۆزینەوەی ٩٤ كەس لە گۆڕە بەكۆمەڵەكانی بۆسنە

**باوكی محمد**

تشرینی یەكەم ٢٠٠٤

هەواڵەكە : ( مراد هۆرتیش ) ئەندامی لیژنەی موسڵمانە ونبووەكانی بۆسنە ڕایگەیاند كە ڕۆژی ٣ شەممە ڕێكەوتی ٢٦,١٠. ٢٠٠٤ لاشەی ٩٤ لە موسڵمانانی بۆسنە دۆزرایەوە كە لە ساڵی ( ١٩٩٢-١٩٩٥ ) بە كۆمەڵ كوژرابون و خرابونە چاڵەوە.

هەروەها دەڵێ : كە زۆربەی هەرە زۆری كوژراوەكان تەمەنیان لە ١٥ تاكو ١٦ ساڵ بووە ، وە هەموویان چاو بەست كراوون و ڕەمی كراون.



جیمی كارتەر لە گەڵ قەسابی قەسابخانەكەی بۆسنە ڕادۆڤان كارازیچ

تەعلیق : دوای ئەوەی كۆمونیزم لە جیهاندا هەرەسی هێناو گەلانی نیوەی دنیا هەناسەی ئازادییان هەڵمژی و لەو گەردەلولە ڕەشە ڕزگار بوون ، خەڵكی بەڵقانیش بە تایبەتی وولاتی بۆسنەوهەرسەك ، وایان زانی كە ئەوانیش ئازاد ئەبن و ئەتوانن وەك گەلانی چواردەوری خۆیان بژین ، ئەوەبووپاش هەرەس دەوڵەتی خۆیان ڕاگەیاند بە هیوای ئەوی ئیتر پشویەك بدەن ، بەڵام نەیانزانی كە گەورەترین كارەسات لە ئەورووپای سەدەی بیستەمدا لەوان ڕوو ئەدات و ئەورووپای ئازادیش ئیشی تەنها سەیركردن و دەستخۆشی كردن بوولە ژێرەوە ، ئەوە بوو دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی بوسنەو هیرزوگوفین یەكسەر ئەورووپا ووتی ئێمە بە هیچ شێوەیەك ڕازی نابین دەوڵەتێكی ئیسلامی لە ئەورووپا دروست ببێت ، هەر بۆیەش وا پێ ئەچێت كە لە ژێرەوە ڕەزامەندی ئەوانی یان هیچ نەبێت هەندێك لەوانی لەسەر بوبێت لە سەر ئەو سەربڕینگایەی كە دەیان جار لە هۆلۆكۆستە تەزویرەكەی جولەكە گەورەتر بوو .

بە پێی وەكالەتی هەواڵنێری فەرەنسی تاكو ئێستە لاشەی هەژدە هەزار كەس دۆزراوەتەوە كە لە زیاتر لە سێ سەرد گۆڕی بە كۆمەڵدا بوون ، هەروەها بە پێی ڕاپۆرتی خاچی سور تاكو ئێستە زیاتر لە شانزە هەزار وون بوو هەیە دوای تێپەڕبونی هەشت ساڵ بە سەر كۆتایی شەڕەكەدا .

باشە گەلی بۆسنە تاوانیان ئەبێت چی بووبێت ، كە زۆربەی هەرەزۆری كوژراوەكان ژن و مناڵ و پەك كەوتەكان بوون ، وە دەیان هەزار لە كچان وژنانیشیان ئەتك كردووە ئەوجاكوشتویانن .باشە سربەكان بۆ بەو شێوە دڕندەییە كەوتنە گیانی خەڵكی بێ تاوانی بۆسنە ، بە شێوەیەك مەگەر تاوانەكانی ستالین بەو شێوەیە بوبن ؟ تۆ بڵێی تیشكی سەوزیان پێ درابێ ؟

تۆ بڵێی ئەوانەش توندڕەوە مەسیحیەکان نەبوبن لە سەر وەزن و قافیەی توندڕەوە ئیسلامیەکان؟ نا نەخێر ، شتی وا چۆن ئەبێت ! کەی مەسیحی توندڕەوی تیایە ؟ مەسیحیەت ئاینی ئازادی خوازانە ، ئەوە نیە جۆرج بوش سەرۆکی دنیای ئازادو دیمکرات مەسیحیەکی باوەڕدارە ؟ ئەوە هەمووی خەتای خۆیان بوو ، ئەگەر بەو شێوەیە چارەسەر نەکرانایەو بن بڕنەکرانایە ئەبونە مەڵبەندی توندڕەوە ئیسلامیەکان !!

کارەساتی بۆسنە جار جار ( محاكم التفتيش )کەی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپامان بیر دێنێتەوە کە کەنیسە داینابوو لە ئەندەلوسدا بۆ هەچ کەسێك ئەگەر باوەڕی بە کەنیسە نەبوایە ئیتر یەکسەر لە ملی ئەدرا بەرەو ئەودنیا ڕاپێچ ئەکرا .

باشە لێرەدا پرسیارێك جێی سەرنجە : جیاوازی چیە لە نێوان مەسیحیەکانی سرب و مەسیحیەکانی تر؟ خۆ هەردوك مەسیحین ، هەردوك یەك بیرباوەڕیان هەیە ، زیاتر لە چوار ساڵی ڕەبەق لە بەردەم تەلەفزیۆن و هەموو هۆکارەکانی تری ڕاگەیاندن خەڵکانی بێ دەسەلاتی بۆسنەیان سەر ئەبڕی کەچی نەك سیاسیەکان ، بەلکو خەڵکە ئازادیخوازو دیمکراسیخوازەکەی ئەوروپاش نقەی نەکرد ! هەست وسۆزی دیمکراسی ومافی مرۆڤیان نەجولاً ! ڕێپێشاندانێك نەکراو بڵێن ئەرێ خۆ ئەوەی کە گەنجەو چەکی هەڵگرتووە چش ، ئەی ئەم منالً و ژن وپیرانە بۆ سەر ئەبڕن ؟

جاکێ ئەزانێت لەوانەیە ئەوەی هەندێ برادەر ناویان ناوە کولتوری سەربڕین لەوێوە هاتبێت و سربە مەسیحیەکان دایانهێنابێت .

بە هەرحالً کارەساتی بۆسنە لەوانەیە زۆری لە هەگبەدا مابێ و هەرجارەی سوچێکی دەرئەکەوێت و هەرجارەی گۆڕێك ئەدۆزرێتەوەو ڕاستیەکی قورئانی ئەخاتە ڕوو ئەویش ئەوەیە هەرکات دوژمنانی ئەم دینە بە تایبەت ئەهلی کتاب لە سەرکەتن و زاڵبوندا بوون ئیتر هیچ پەیمان و عەهدو بەزەییەك ناخۆێننەوە { كيف و ان يظهروا عليكم لا يرقبوا فيكم الا ولا ذمة } .